# چۆنیەتی هەڵبژاردنی رەنگێکی ناسک بۆ پشت چاو



یەکێکە لە گرنگترین سەرەکییەکانی جوانی خانمان، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی لە نزیکەوە بە جوانترین شێوە دەربکەوێت، لێرەدا مەبەستمان چۆنیەتی ماکیاژکردنی چاوە هەروەها هەڵبژاردنی رەنگی پشت چاو ! بەڵام هەر چاوێك ماکیاژ و رەنگێکی تایبەتی دەوێت چونکە چەندین رەنگی چاو هەیە.



چەندین رەنگی جوان و ناسك هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی چاو برازێنرێتەوە ئەمەش پابەند دەبێت بە رەنگی گلێنەی چاو، شیوەی چاویش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو جۆرە ماکیاژەی بۆی دەکەیت، بۆ نموونە ناکرێت چاوێکی بچووك بە رەنگێکی داخراو یان ئەو رەنگانەی دەبێتە هۆی بچووك کردنی شێوەی چاو ماکیاژ بکرێت.



بۆیە لەم وێنانەوە بزانە چی رەنگێك لەگەڵ چاوت دەگونچێ.

هەروەها گرنگی پشت چاو لەوە دەردەکەوێت کەوا رەنکەگە بە شێوەیەکی یەکسان لێبدرێت بۆ ئەوەی جێگەی زۆر و کەمی ماکیاژەکە دەرنەکەوێت.







## دەستە جلێکی ب

وەرزی بەهار پێویستی بە جۆرە جلێکە بۆ ئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندی و جوانی ئەم کاتە خۆش و فێنکە بگونجێت، یەکێك لەم دەستە جلانەی لەگەڵ ئەم وەرزە دەگونجێت بریتییە لە بەدی و کاوبۆی، بە شێوەیەك کە رێککەوتنی نێوان ئەم دوو جلە بە ئاسانترین شێواز دەبێت. چونکە کاوبۆی بەشی خوارەوەی جەستە دەگرێت بۆیە دەبێت لە سەرەوەش یەکسانی و گونجاندن هەبێ.

بە پۆشینی ئەم دەستە جلە وا هەست دەکەیت کەوا جەستەت قورس نابێت، بەڵکو بۆ گشت شوێنێك دەپۆشرێت بەتایبەت بۆ گەشت و گەڕانی دەرەوە. جوانتر دەبێت کاتێك کاوبۆیەکە بەبێ پشتێن (قایش) بپۆشیت، ئەمە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەدییەکە زیاتر بگونجێت. زیاتریش ئەو رەنگانە

## ئوتوو کردن وەک ئەرک



چەندین رێگە هەیە بۆ ئەوەی زیاتر دەست رەنگینی و گەورەیی خانمان دەربخات، یەکێك لەم کارە گرنگانەی کە لە ماڵدا ئەنجام دەدرێت، (ئوتوو کردنی جلوبەرگ)ە، دەبێت بە وریایی و بە رێگەیەکی تەواوەوە بزانیت چۆن جلك ئوتوو دەکەیت، هەروەها لە بەکارهێنانی ئوتوو بزانیت کە چۆن و چی پێویستە بۆ ئەوەی چەند جلوبەرگێك ئوتوو بکەیت. دەتوانیت سوود لەم هەنگاوانە وەربگریت بۆ ئەوەی ئوتوویەکی جوان ئەنجام بدەیت:

- جلوبەرگی پاك ئوتوو بکە، واتە دوای شووشتنی جلوبەرگ نەوەك ئەوانەی پێشتر پۆشراوە و نەشۆراوە، ئەگەر چی پاکیش بێت.
- ئەگەر توانیت پارچە قوماشێك لەسەر جل دابنێ کاتێك ئوتوو دەکەی، ئەمە بۆ ئەوەی جلەکە


## گرنگی و جوانی ج

بۆ وەرزی تازەی بەهار جوانترین جۆری جەنتا بۆ خانمان بۆتە مۆدە، بەهۆی ئەوەی ئەم وەرزە پێویستی بە جۆرە جلوبەرگ و ئێکسسوار هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو وەرزە بگونجێت.

ئەم جۆرە جەنتایە بە شێوازێکی تایبەت نەخشێنراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ جلوبەرگی ئەم کاتە بگونجێت، کە بە جەنتای دوو هەڵگرەوە ناسراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە شێوەی هەڵگرتنەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی جەنتاکە دابخرێت.

شێوەیەکی سادەی بۆ ئامادە کراوە و دەتوانیت ئەم جۆرە جەنتایە هەڵبژێریت بۆ ئەم ماوەیە،










## ـــــــەهاری بەدی و کاوبۆی

بپۆشـــە کە رەنگاورەنگە ئەمەش لەم وەرزە گرنگی دەبێت وەك رەنگەکانی: سوور، شین، پەمەیی، رەش. ئـــەم رەنگانە بۆ بەدی، هەروەها بۆ رەنگی کاوبۆی ئەم رەنگانە بپۆشـــە: نیللی، شـــین، رەش..

ئەم دەســـتە جلە باڵات بـــەرز نیشـــان دەدات بەرامبەر ئـــــــــەوەی هەندێك جل هەیە باڵا بچووك دەکاتەوە، هەروەها هەوڵبدە جلـــەکانی ئەم دەســـتەیە بـــە گوێـــــرەی پێوانەی جەستەت بێت نەوەك گەورەتر لە پێوانەی جەستەت، چونکە گونجـــــاندنی زیاتری دەبێت کاتێك جلوبەرگ پر بە جەست بێت.



## ـــــــێکی گرنگ لە ماڵدا


نەسووتێت.


- بیرت نەچێت ئاو لە ئامێری ئوتووەکە بکەیت، چونکە ئەگەر ئـــاوی تێدا نەمێنێت دەبێتە هۆی ســـووتانی جلەکە لەکاتی گەرم بوونی ئوتووەکە.
- بزانە ئەم جلە لە چ قوماشـــێکە پاشان نمرەی ئامێرەکە لەســـەر ئەم جۆرە نمرەیە دابنێ کە لەگەڵ جۆی قوماشەکە دەگونجێت.
- دوای ئەوەی ئوتووەکە دەکەیت جلەکە هەڵبواسە نەوەك لەسەر زەویی دایبنێت، چونکە دانانی لەسەر زەوی ئوتووەکەی تێکدەچێت.
- هەوڵبـــدە هەفتەی (٢) جار ئوتوو ئەنجـــام بدەیت ئەمەش بۆ ئەوەی لە کاتی ئوتوو کردن ماندوو نەبی، چونکە ئوتوو کردن ماندووبوونێکی زۆری دەوێت.

## ـــــــەنتا بۆ وەرزی بەهار

چونکە سادەیی لەگەڵ جلوبەرگی رەنگاورەنگی ئەم وەرزە دەگونجێت. هەوڵبدە ئێکسسواری ئەم وەرزەی دەیپۆشیت لە رەنگێکی سادە بێت، چونکە ئەگەر ئێکسسوار و جلوبەرگیش رەنگاورەنگ بێت دەبێتە هۆی ناشیاوی جوانیت.

بۆیـــە ئەو جۆرە ئێکســـــوارە هەڵبژێرە کە تایبەتمەندی خـــۆی دەربخات، چونکە جەنتا وەك هاورێیەکی تۆیە بەمەش دەبێت بە جوانترین شـــێوە جەنتاکـــەت ئاوێنەی جوانیت بێت کاتێك لە دەستت دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گۆڕانکای لە جەنتاکەت بکەیت.






## کریـــــــستال بۆ جوانکردنی دیکۆری مـــــــاڵ









یەکێك لەو ئێکسسوارە گرنگای لە ماڵدا هەیە، و دەکرێت بە کەرستەیەکی پێویســـتی ماڵ دابنرێت چونکـــە جوانـــی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ئـــەوەی زیاتـــر ماڵ بڕازێنێتەوە. ئێکسسواری (کریستال)ە، کە بە جۆرێك جوانی سەرەوەی ژوور یان ســـالۆن جوانترین جوانی دەڕازێنێتەوە. کریستال یان ســـوورەیا لەگەڵ ئەوەی دوو جۆرەی هەیە هەردوو جۆریـــان گرنگی خۆی هەیە. لەوانـــە ئەوەی بە کارەبا کار دەکات گڵۆپی لەگەڵـــە، هەروەها ئەوەی دیکەش بەبێ گڵۆپە واتە سادەیە..


ئەم جۆرە ئێکســـوارە وەکـــو کەرەســـتەیەکی سەرەکی دەبێت لە ژووری سالۆن، یان ئەو شوێنەی گەورەیە و پێویســـتی بە سوورەیا هەیە، بۆیە بتوانە لەم شـــوێنانەی ماڵدا کە هەســـت دەکەیـــت جۆرە بۆشـــاییەکی پێوە دیارە، یەکێك لە کریستالێکی لەم شێوە جوانانەی بۆ دابنێ، ئەمـــەش دەبێتـــە زیاتر جوانکردنی ماڵەکەت بۆ ئـــەوەی دیکـــۆری ماڵ برازێنەوە.

## پەیکەری ئەفسانەی ئافرەتێکی دڵسـۆز



خۆشەویستی یەکێکە لەو هێما بەنرخانەی مرۆڤ، کە هەمیشە پێویسـت دەکا نەمرێت، خۆشەویسـتی نێوان ژن و مێرد بەشێکی سـەرەکی دروست بوونی خۆشەویستیەکانی دیکەیە ئەم پەیکەرەی کە دەبینرێ ئەمە پەیکەری ئافرەتێکە لە چاوەڕوانی مێردەکەیدایە کـە لەگەڵ کۆمەڵێك راوچی بەرەو دەریا بەرێکەوتوون سـەرەڕای ئەوەی ئەم ئافرەتە دڵنیایە لـەوەی مێردەکەی لە قوڵایی دەریادا نەهەنگ خواردوویەتی،بەڵام بەهۆی وەفاو خۆشەویسـتی لەسەر دەریادا بەبـەردەوام لە چاوەڕوانیدابووە. ئـەم پەیکەرە وێنەی ئەم ئافرەتە دڵسۆزەی لەسەر نەخشکراوەو وەکو ئەفسانەیەك لەسەر یەکێك لەدەریاکانی شاری تیبازەی جەزائیری دروستکراوە خەڵکی وڵاتی جەزائیر بەردەوام روو لەو شوێنە دەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام دڵسۆزی ئەم ئافرەتە بە بیرخۆیان بهێننەوەو بۆتە سـیمبولێکی خۆشەویستی راسـتەقینە کە بەردەوام دەسـتەکانی لەسەر شـێوەی هاوارو نزا بەرزکردۆتەوە بۆ ئەوەی گەڕانەوەی مێردەکەی ببینێتەوە.

## ئەو ئافرەتەی گشت کەسێک حەز دەکات ببینێت



بێگومان گشـت لە ئێمـە ئەگەر بۆ سـاتێکیش بێت سەیری فیلمی کارتوونی (تۆم و جێری)مان کردووە کە بە مشـك و پشیلە ناسـراوە، خۆشترین و بەتامترین فیلمی کارتوونیە لەلای گشـت کەسێك جوان و خۆشە.

لەم فیلمە کارتۆنیەدا ئافرەتێك هەیە لە هەندێك ئەڵقەکانـدا بەدەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی سـەیر بێت تەنیا بەشی خوارەوەی جەسـتەی ئافرەتەکە دیارە، دەم و چاوی دەرناکەوێت!

دانـراوە لە فیلمە کارتۆنیەکە، کەچی لە راستیشدا شـێوەی دانراوە بەڵام شێوەی رووخساری جوان نییە تاوەکو دەربکەوێت، لە دەزگایەکـی سـینەمایی توانرا لە ئەڵقەیەکی فیلمی کارتۆنیەکە شـێوەی ئەم ئافرەتە بدۆزنەوە کە بە چاوی سـادە نابینرێت،بەهـۆی خێرایـی دیمەنەکان، ئەوەی لەم وێنەیە دەبینن ئەم ئافرەتەیە بە دەم و چاویەوە کە لە فیلمی کارتۆنی مشك و پشیلە دەردەکەوێت. وەکو دەبینین شێوەی رووخساری ناشیرینە و لەوانەشە

ئەمەش تا ئێستا باس نەکراوە بۆچی ئەم ئافرەتە بەم شێوەیە بەم هۆیە بێت کە شێوەی رووخساری دەرنەخرێت!

## بو جۆری خواردنەکانت کەسایەتیت بناسەوە



لە لێکۆڵینەوەیەکی سـەیردا توانیان چەند زانیاریەکی سەمەرە دەربخەن لەوەی کە چۆن پێناسەی مرۆڤ یان هەستی کەس بکرێت لـە رێگەی ئەو خواردنەی یان حەز کردنـی لەم جۆرە خواردنەی دەیخوات، لێرەدا باسـی لایەنێکی ئەم خواردن و ئەو کەسایەتییانە دەکەیـن کەوا پەیوەندیان لە نێوانیاندا هەیە ئەوەی حەزی بەم جۆرە خواردنانە بێت وادانراوە کە کەسایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

- گۆشـت: ئەوەی حەزی زۆر بە گۆشت بێت یا زۆر گۆشت بخوات: هەستێکی توند و دەمارگیری هەیە، کەسێکی کۆمەڵایەتی، کەسایەتی بەهێز و کاریگەرە..

- سەوزە ومیوە: ئەوەی ئەم جۆرە خواردنە زۆر بخوات یان حەزی پێبکات :حەزی بە زۆر گوتن و قسـەیە، بـە وردی لەکارەکانی دەکۆڵێتـەوە، زۆر شـەرم دەکات، دوودڵ دەبێت پێش ئەوەی کارێك ئەنجام بدات.

- کێـك و هەویرکاری: حەزی بە حەسـانەوەی بەردەوامە، زۆر جووڵە دەکات، حەزیان بە لایەنی خۆشی و رابواردنە، شتی سادەش بە گەورەیی وەردەگرن.

- شـیرنەمەنی وەك پاقلاوە و شتی شیرین: کەسێکە حەزی لە دەسەڵات داریە، زوو تورە دەبێت، رکابەرێکی بەهێزە، دڵی بەگشت شتێك ناکەوێت.

- قـاوە و چای: ئەوەی حەزی لەم دوو جۆرە خواردنەویە بێت: هەسـتی ماندووە و بێزارە، لەدوای خۆشی دەگرێت، دڵی بە ژیان خۆش نییە، کەسێکی نائارامە!



# درێژی سمێڵی ئەم پیاوە (٢) مەتر و شتێکە

خەڵکانێك هەن حەز بە بەدەستهێنانی نازناو دەکەن، بۆیە هەوڵدەدەن بە ڕێگەیەك بتوانن ئەم نازناوە بدۆزنەوە. وەکو ئەم پیاوە توانیویەتی بە (سمێڵ)ی نازناوێکی گەورە تۆمار بکات و ببێتە خاوەنی درێژترین سمێڵ لە جیهاندا. ئەم پیاوە ناوی (جوانسن گرگار)ە و خەڵکی هیندستانە و تەمەنی نزیکەی (٦٠) ساڵ دەبێت.. درێژی سمێڵی ئەم پیاوە دەگاتە (٢١٠) سنتیمەتر، واتە زیاتر لە دوو مەتر! ئەم سمێڵە تەمەنی گەنجێکی ئەم زەمانەی هەیە واتە نزیکەی (٢٢) ساڵە دەستی لەم سمێڵە نەداوە بەمەبەستی ئەوەی درێژ بێت تاوەکو بگاتە ئەم ڕادەیەی ئێستا.

ئەمەو ڕۆژانە چەندین کەس سەردانی ئەم پیاوە دەکەن تەنیا بۆ ئەوەی وێنەی یادگاری لەگەڵ سمێڵە جوانەکانی بگرن، هەروەها بۆتە کەسێکی ناسراو لەم وڵاتە بەهۆی درێژی سمێڵەکەیەوە پیاوەکە هیچ کارێك ناکات نەوەك سمێڵی شتێکی بەسەردا بێت، یان بپچڕێت!

# سەیرترین نمایشی جووڵەی مرۆڤ ئەنجامدرا



لە نمایشێکی سەیر و کاریگەردا کە بووە جێگەی سەرسوڕمانی گشت ئەوانەی لە نمایشەکە ئامادەبوون، یان بۆ گشت کەسێك کاتێك دیمەنێکی ئەم نمایشە دەبینێت. لە شاری (ڤییەنا) سەیرترین نمایشی جووڵەی مرۆڤ، ئەنجام درا ئەمەش لەلایەن کۆمەڵە ئافرەتێکەوە بوو، جووڵەی ئەو ئافرەتانە بە شێوەیەك بوو کە ناچێتە ئەقڵی مرۆڤ و بەمەش دەبێتە سەیرترین نمایشی جووڵەی مرۆڤ لە سەر ئاستی نمایشە جیهانییەکان. نمایشکارێکی ئوسترالی بەناوی (ئەندری هیلیر) سەرپەرشتی ئەم نمایشەی کرد، لە دیمەنێکدا کە دەیبینن شێوەی هەرەمێکی پێچەوانەیان درووست کردووە لەلایەن ئەوانەی بەشداریان کردووە لە نمایشەکە، ئەم تیپەش بە تیپی (ئەفریقیا- ئەفریقیا) ناسراوە، وەکو دەبینن کە چۆن چوار خانم لەسەر پشتی یەکتر خۆیان گرتووە و دیمەنێکی سەیری نمایشەکەیان ئامادەکردووە. ئەمەو چەندین دیمەنی لەم شێوە و بەڵکو سەیرتریشیان ئەنجامدا، شێوەی وەستانی ئەم خانمانە بە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی لەسەر ران و چۆکی یەکتر دانیشتوون. کە هەریەکیان جەستەیان لەگەڵ ئەوەی دیکە تێکەڵاو بووە کەس نازانێت کامە جەستەی کامەیە!

# کیسەڵێکی (٧٠) ساڵ بێچوویەکی دەبێت



بێگومان لەلامان سەیر دەبێت ئەگەر بڵێین گیاندارێکی تەمەن گەورە بێچوویەکی بووە! لەوانەیە بڵێین بۆ سەیرە، وەکو دەزانن گیاندارانیش وەکو مرۆڤ کاتێك دەگەنە تەمەنێکی گەورە بێچوویان نابێت. بەڵام ئەم حاڵەتە لەلای ئەم کیسەڵە پێچەوانەیە و لە تەمەنێکی گەورەدا کەس پێشبینی ناکات بێچووی ببێ..

ئەم کیسەڵە ناوی (نیجیتا)یە و تەمەنی گەیشتۆتە (٧٠) ساڵی تەواو، لە باخچەی ئاژەڵانی (زیوریخ) دەژییت کە دەکەوێتە وڵاتی سویسرا. بە گەورەترین کیسەڵ دادەنرێت لەگەڵ ئەوەی خاوەن نازناوی بەتەمەنترین کیسەڵە، بۆیە بەم شێوەیە خزمەتی دەکەن. کیسەڵ سەرەڕای ئەوەی لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا زاوزێ دەکات بەڵام ناگاتە ئەم تەمەنەی کەوا ئێستا ئەم کیسەڵە هەیەتی، لە ساڵی ١٩٤٦ەوە ئەم کیسەڵە لەم باخچەیە دانراوە و تا ئێستاش دەژییێت، لەم دوا ڕۆژانەدا بێچوویەکی بچووکی بووە و لەم تەمەنەش دەیەوێت نەوەی لەم جۆرەی دوای خۆی زیاتر بکات!

# چەند باڵەخانەیەک لە شێوەی کتێبخـــانە

ئەمە یەکێکە لــە ســـەیرترین باڵەخانەکانی جیهان، دەکەوێتە وڵاتی چین، کە بریتیە لە چەند شـــوققەیەکی خێزانی بۆ خەڵـــك. بەهۆی نەبوونـــی زەوی بۆیە بەم شێوەیە دروســـت کراوە تاوەکو جێگەی زۆرترین خەڵك تێدا ببێتەوە بۆ نیشتەجێ بوون.

ئەوەی سەیرێکی ئەم وێنانە بکات وادەزانێت لە یاری بچووکی منداڵانەوە دروســـت کراوە، بەڵام دەبێ باوەڕ





بکەین کەوا باڵەخانەی ڕاستەقینەیە و پێکهاتووە لە (٢) نهۆمی لەســـەر یەك، باڵەخانەی دووەمیش لە شـــێوەی کتێبخانەوە دروست کراوە، وەك ئەوەی بە شوێنێکی وەك کتێبخانەوە بکەوێتە بەرچاو.

پانتایی ئەو شوێنەی ئەم باڵەخانانەی لێ دروست کراوە شوێنێکی بچووکە بۆیە ئەم بیرۆکەیەیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی باڵەخانەی لەم جۆرەی لێ دروست کراوە، هەروەها دیمەنێکی جوانی لێوە دەرکەوتووە بەهۆی دەرکەوتنی ئەم باڵەخانانە بەم شێوەیە. دەبێ لە کوردستانیش باڵەخانەی لەم جۆرە دروست بکرێت ؟!



## وێنەیەکی سەیری گیانداری (پڵنگ)

ئەوەی ســـەیری ئەم وێنەیە بکات، لەوانەیە هەستێکی ناخۆشی بۆ بێت، چۆن ئەم پڵنگە گەورەیە ســـەری ئـــەم بێچووە پڵنگەی خســـتۆتە ناو دەمی و لە هەوڵی ئـــەوە دایە کە ئەزیەتی بدات یان بریندار بـــکات. بەڵام ئەمە وانیە و پێچەوانەی ئەم قســـەیە ســـەرەوەیە، چونکە شـــتێکی ســـەیر لەم حاڵەتە دەبینرێت و ئەمە گەورەترین هەســـت و سۆزی گیانداری پڵنگە بۆ بێچووەکانی، ئەم وێنەیە مانای یارمەتـــی و هاوکارییە.. ئەو پڵنگە گەورەیە دایکە پڵنگە و ئەوەی دیکەش بێچووەکەیەتی، لێرەدا دایکەکە بێچووەکەی هەڵدەگرێت چونکە بە هیچ شێوەیەکی دیکە ناتوانێت هەڵیبگرێت. ئەو گیاندارانەی وەك پڵنگ بەم شێوەیەی ناو وێنەکە بێچووەکانیان هەڵدەگرن، بۆ ئەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازنەوە. کەچی دایکەکە بە جۆرێـــك بێچووەکەی هەڵدەگرێت بەبێ ئەوەی ئازاری بدات، یان ئەو شـــوێنەی دەیگرێـــت بریندار بکات. ئەم وێنەیـــە دەبێتە یە کێك لە جوانترین وێنەکانی ســـاڵی (٢٠٠٨) و هەروەها دەبێتە وێنەیەکی نمایش بەبۆنەی ڕۆژی دایك!.

## ئەمە سەیرترین و جوانترین خانووی سرووشتییە

ئەوەی دەیبینین شـــتێکی دروست کراو نییە، بەڵکو شتێکی جوانە کە کراوەتە خانووێکی خنجیلانە بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێك بۆ نیشتەجێ بوون و ئەسەرێکی جوان بۆ ئەوەی ببێت بە یەکێك لە ســـەیرترین خانووەکانی جیهان، بە شـــێوەیەکی سروشتییەوە دروست بووبێت! ئەم گاشە بەردە چیاییە لە وڵاتی (کەنەدا)یە و ســـەرەتا وەك بەردێکی گەورە و جوان لە سروشتەوە دروست بووە، بۆیە لەلایەن کەســـێکی ئەم شوێنەوە هەوڵی دا بیکات بە شوێنێك بۆ ماڵی خۆی و توانی گاشە بەردەکە تەنیا دوای چەند هەنگاوێکی بچووکە بـــکات بە خانوویەکی جوان و خنجیلانە. ئەوەی سەیر بێت لە ژوورەوە فراوانە وەك هەر خانوویەکی بچووك بۆتە جوانترین و خنجیلانەترین خانوو لەم وڵاتەدا. وەکو دەیبینن لە شوێنێکی نزیك چیایەکە و کەوتۆتە ناو دۆڵێکەوە. بۆ جوانی و ناســـکی ئەم خانووە لەلایەن حکوومەتی کەنەداوە ئاو و کارەبا بۆ ئەم شـــوێنە ئامادەکرا، هەروەها ئێســـتا لە دەورووبەری ئەم خانووە چەندین خانووی دیکە لەم شـــێوەیە دروســـت کراوە، بۆ ئەوەی ببێتە گەڕەکێك یان شـــوێنگەیەکی لەم شێوەیە. بەمەش دەبێتە ســـەیرترین و جوانترین خانووی جیهان لە ڕووی بچووکی و سروشتییەوە!







گەورەترین مۆبایل لە جیهاندا لە ژێر دەستی ئەندازیارێکی چینی بەناوی (تان)ەوە درووست کرا، بیرۆکەیەکی سەیری ئەم گەنجە تەمەن ٢٤ ساڵەیە و لە شاری (سۆنگ یانگ) دەژییت لە وڵاتی چین. مۆبایلەکە دەبێت بە باوشت هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بیگوازیتەوە، درێژییەکەی (١) مەترێك دەبێت، هەروەها کێشەکەشی (٧) کیلۆگرامە. وەکو هەر مۆبایلێکی ئاسایی کار دەکات و گشت سیفاتێکی مۆبایلی تێدایە. هەنگاوی ئەم گەنجە ئەوە بوو بتوانێت مۆبایلی لەم قەبارەیە گەورەتر دروست بکات، بەڵام هیچ جۆرە پاترییەك نییە تاوەکو کار بە مۆبایلەکە بکات.

وەکو لە وێنەکەدا دەبینین مۆبایلەکە لە شێوەی مۆبایلی (غازی یاوەر)ە، و گەورەترین مۆبایلە لە جیهاندا.

# مووی گوێچکەی ئەم پیاوە لە مووی سەری درێژترە

پیاوێکی هیندستانی کە ئێستا دانیشتووی شاری (کانبوور) دەکەوێتە باکووری ئەو وڵاتە، بە رێگەیەك و نازناوێکی سەیرەوە توانی نازناوێکی گەورە تۆمار بکات لە جیهانی ژمارە پێوانەییەکان، ئەمەش کاتێك لە خۆیەوە و لە بچووکییەوە حاڵەتێکی سەیر لەم پیاوە روودەدات و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەم پیاوە ناوی (بابگای)یە و تەمەنی (٤٠) ساڵ دەبێت.

چۆن مرۆڤ موو لە سەری یان لەو شوێنانەی کەبە شێوەیەکی سروشتی دەردەچێت، بەم شێوەیەش موو لە گوێچکەی ئەم پیاوە دەردەچێت و زیاد دەبێت. بۆیە وەك حاڵەتێکی سەیر ئەم پیاوە دەبێت کاتێك سەری بتاشێت بەهەمان شێوەش مووی گوێچکەی بتاشێت. درێژی ئێستای مووی گوێچکەی ئەم پیاوە دەگاتە (٢٥) سەنتیمەتر واتە درێژتر لە مووی سەری هەر کەسێکی سادە! کاری ئەم پیاوە سەوزە و میوە فرۆشییە و لە ناکاوێك دەبێتە کەسێکی ناسراو کاتێك لەلایەن راگەیاندنەوە ئەم حاڵەتە سەیری مووەکانی گوێچکەی دەزانرێت. ئەوەی سەیر بێت ئەوەیە مووی سەری پیاوەکە سپیە، کەچی مووی گوێچکەکانی (رەش)ە!



# چەند پەیکەرێکی هونەری سەیر لە (بنێشت)

کارێکی هونەری و سەیر لەلایەن هونەرمەندێکی ئیتاڵی درووست کراوە و نەخشێنراوە، کاتێك بیرۆکەی ئەم هونەرمەندە دەچێتە سەر (بنێشت) بۆ ئەوەی لەم ماددە نەرمەوە شتێکی لێ درووست بکات و ببێتە بەرهەمێکی سەیر بۆ خۆی و بۆ گشت جیهان. هونەرمەندە ئیتاڵییەکە ناوی (فەنتازیۆ)یە و کاری هونەری و نەخشی وێنەکێشانە! دوای ئەوەی دەچێتە کۆمپانیایەکی بنێشت بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لەم کارە هونەرییەی مەبەستەیەتی بە ئەنجامی بگەیەنێت، لەلایەن








کۆمپانیەکە رەزامەندی بۆ درا بۆ ئەوەی هەر چەند بنێشتی پێویست کرد داوای بکات و بەزووترین کات بۆی دابین دەکەن. بۆیە هەڵسا بە درووست کردنی شێوەی چەند پەیکەرێك لە بنێشتی سوور و پەمەیی، پەیکەرەکانیش بریتی بوون لە: مرۆڤ، گیانداران، رووەك.. تیایدا توانی چەندین پەیکەر درووست بکات لە بنێشت کە بە شێوەیەك کەس هەستی پێناکات لە ماددەی بنێشتەوە درووست کرابێت. کاری هونەری ئەم هونەمەندە دەبێتە هونەری بنێشت، بەمەش گەورەترین نازناوی تۆمار کرد لەوەی کارێکی سەیری لەم جۆرەی ئەنجام داوە! دواتریش نمایشێکی تایبەتی بۆ پەیکەرەکانی ئەم هونەرمەندە کرایەوە!

## کەلـــوەکـــان




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

تۆ کەسێکی سەرکەوتووی لەمامەڵە کردن ئەمەش بەهۆی زیرەکی خۆتە، مەهێڵە ناکۆکـــی بکەوێتە نێوان تۆ وخۆشەویستەکەت.بەپێکەنین دەتوانی زاڵ بیت بەسەر زۆرکێشە. خۆشترین ڕۆژت لەم ماوەیە دەبێت، کارێکی سادەت پێرادەسپێرن بەڵام بۆت جێبەجێ نابێت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

کارە گرنگەکانت بە فیرۆ مەدوە بەڵکو بیرلەوەبکـــەرەوە کەخۆت بگونجێنی لەگەڵ کارەکەت. ســـەرەڕای ئەوەی تووشـــی هەندێ گرفت دەبیت بەڵام بەیارمەتی ماڵەوەتان بەشێکی زۆری کێشـــەکانت بۆ چارەسەر دەبێت.دەست بەلایەنی داراییت بگرە.کێشـــەت لەگەڵ هاورێکەت وات لێ نەکات کەتووشـــی خەمۆکـــی ببیت وواز لەهەموو برادەرانت بهێنی.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

تووشی هەندێ کێشە دەبیت.لەرووی داراییـــەوە هەواڵی خۆشـــت بۆدێت. ئەوکەســـەی تـــۆ لەخەیاڵـــی دای خەریکـــە ئەویش بیـــرت لێدەکاتەوە. ماوەیەکی کـــورت لەبەردەمتە بۆئەوەی بتوانی رازونیازی خۆتـــی بۆ دەرببـــڕی. دەوروبەرت حەزدەکەن لەگەڵت بدوێن چونکە ئێستاباشترین کاتە بۆخۆسەلماندنت لەکاروپیشەکەت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

پەشیمانی هیچ کات سوودی بۆت نابێت هەربۆیـــە لاپەرەیەکی نوێ بکـــەرەوە وورووبەرووی کێشـــەکانت ببەوە،باری سۆزداریت بەرەو باشی دەڕوات .دڵت فـــراوان بێت لەگەڵ هاورێیەکـــت ناکۆکیـــت دەبـــێ بۆئەمەش پێویســـتیت بەیارمەتی کەسێکی ترە. باری داراییت بەرەو باشی دەچێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

لەهەموو کارێك خۆت هەلمەقورتێنە. ئاگاداری بـــاری تەندروســـتیت بە.لـــەم مانگە هەلی بەدەســـت هێنانی بڕێك پارەت بۆدەرەخسێ، ئەگەر بەنیازی پەیوەندییەکی رووکەشیت ئەوا وریابە. ئەم کاتانەت بەفیرۆ مەدە تا ســـاڵێك بەخۆشی کۆتایی پێ بهێنی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

شـــێوازی کارکردنـــت لەکارەکانت ســـەرنجی بەرێوەبەرەکەتـــی ڕاکێشاوە، ئەوکەسەی هەلتبژاردووە کەســـێکی گونجاوە. ئـــاگاداری باری تەندروســـتیت بە.لەرێگەی برادەرێکتەوە کەســـێك دەناسی کەپێویستیت زۆر پێیەتی.

**ئیـــوان گـــەردی**

# خانوویەکی بچووک و سادە بە (١٦) ملیۆن دۆلار

ســـەیری ئەم ئافرەتە بـــە تەمەنە بکەن لـــە ژیانیدا توانی گەورەتریـــن قازانج بکات لە بواری کرین و فرۆشـــتنی خانوو و بەرە ! چیرۆکی ئەم ئافرەتە دەگەرێتەوە بۆ ســـاڵی (١٩٤٩) کاتێـــك خانوویەك دەکرێت بە بری (١٦) هەزار دۆلار، کەچی ئێســـتا ئەم خانووەی بەهەمان برە پارەی پێشـــوو نافرۆشـــێت هەزارەکان بکە بە ملیۆن، واتە (١٦) ملیۆن دۆلار!

ئـــەم ئافرەتە ناوی (لالا بیلی)یە و دانیشـــتووی کەنداوی (پۆڵ هاربر)ە کە دەکەوێتە وڵاتی ئینگڵتەرا، تەمەنی ئێستای (٨٠) ساڵە، بەهۆی ئەوەی ئەم خانووەی دەکەوێتە سەر کەناری دەریـــا، بۆیە لەلایەن چەندین کەســـەوە نرخێکی خەیاڵیان داوە تاوەکو خانووەکەی بفرۆشـــێت و بکرێت بە ئوتێل، بەم دواییە لە ئافرەتەکەیان پرسی ئەم خانووت بە چەند کڕیوە، ئەویش گوتی (١٦) هـــەزار دۆلار، ئەوانیش بری (١٦) ملیۆن دۆلاریان داوە کەچی ئافرەتـــە رازی نەبووە بۆ فرۆشـــتنی خانووەکە! بەڵام لەوانەیە بە نرخێکی بەرزتر بیفرۆشـــێت ئەوەش دەبێتە گرانترین خانووی سادە بۆ فرۆشتن.







# ئەم دارە چوارگۆشـەیە چۆن رواوە

لەوانەیە ســـەیری ئەم دارە بکـــەن و بڵێن دەبێت چۆن بەم شێوەیە گەیشـــتووە؟! ئەمە کارێکی ئاسانە و گشت کەسێك دەتوانێت دار بە هەر شێوەیەك بیەوێت بروێنێت ! ئەم دارە کاتێك بچووك بووە و لە ســـەرەتای گەشـــەکردنییەوە بووە، شتێکی چوارگۆشـــەیان لەسەر دارەکە داناوە و چەقاندوویانە! لەگەڵ گەشـــەکردنی دارەکە، بەهۆی ئەوەی دار بەسەر هەر شتێك هەڵدەگەرێت لە کاتی گەشـــەکردنی، بۆیە گەیشـــتۆتە ئەم شێوە چوارگۆشەیە، دەتوانن تاقیکردنەوەیەکی لە جۆرە ئەنجام بدەن و ئەو شێوەیەی مەبەستتانە لە دارەکەی بروێنن!

# پیاوێک منداڵی دەبێ






تۆمـــاس بیتـــای کورێکی تەمەن٣٤ ســـاڵە و لە ویلایەتی هاوای لە ئەمەریکا لە دایکبووە ئەم کورە لەسەرەتادا بە رەگەزی مێ لەدایك بـــووە دواتر بەهۆی نەشـــتەرگەرییەوە لەلایـــەن پزیشـــکانەوە رەگەزەکـــەی بۆ نێر گۆردرا، ئەمـــە و لە کاتی نەشتەرگەریەکە چەند خاسێتێکی مێینایەتی لە جەســـتەی مایەوە و ئەویش پارێزگاری لێکردووە، بیتای لەســـەرەتادا ناوی تریســـی لاگۆندینۆ بووە، ئەمە و بیتای ئێســـتا خاوەنی خێزانی خۆیەتی و بەهۆی ئەوەی پارێزگاری لەخاســـێتە هۆرمۆنایەتییە مێینەیەکانی کردووە ئەم کورە ئێســـتا ســـکی هەیە و سکەکەی پێنج مانگییە و خۆشی دانی بەو راستییە دانا و گوتـــی: مـــن مافی خۆمە ئەگەر ببمـــە خاوەنی منداڵێکی بایەلـــۆژی و بوونـــی منـــداڵ ئارەزوویەکە پەیوەندی بە هەردوو رەگـــەزی نێرومێ نییـــە بەڵکو ئەمە ئارەزوویەکـــی مرۆڤانەیە، جێی باســـە دوای ئەوەی بیتای لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەرکەوت و باســـی ئەم بابەتەی کرد خەڵك بە درۆی نیسانیان زانی بەڵام دکتۆرەکان رایانگەیاند بیتای لە بەرواری ٣ ی تەموزی ئەم ساڵ منداڵەکەی دادەنێ.




## کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لـــەم مانگە بەخت یـــاوەرت دەبێت ماوەیەکـــی کەم نیگـــەران دەژیت لەنێوان شـــادی وغەم. چاوەڕوانی هەواڵی خـــۆش بـــە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتی وســـۆزدارییەکانتەوە. واچاکـــە لەگـــەڵ بەرامبەرەکـــەت بکەویتە دانوســـتان چونکە ناتوانیـــت بەتەنهاکارەکان ئەنجام بـــدەی. هێمـــن بەتورەیـــی لاوازت نەکات.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بیر لە ئاییندەیەکی ڕووناك بکەوە کە چاوەڕوانتە، لەگەل دۆســـتانت کراوەتربـــە ومامەڵـــەی ســـادەیان لەگـــەڵ بکە،هەنگاوێـــك بهاوێژە بۆئەوکەســـەی لەلات گرنگەو بەدلی تۆیە مەهێڵـــە کاریگەری کەســـێك ببێتە هۆی ڕووخانی ژیان و حەزەکانت.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەبوارێکـــی تـــازەوە کارەکانـــت دەبینیتـــەوە، ئەمـــەش دەبێـــت بەتەواوەتـــی کاری بـــۆ بکەیـــت، ماوەیەکـــە کارەکانت بـــەرەو نوێ بوونەوە دەچێت و ئەو کاتەی ئێستات گرنگە بۆ دەستنیشـــانکردنی داهاتوو و وەرگرتنی هەستەکانت لە کەسی بەرامبەر.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەخۆتـــەوە مەچۆ نـــاو کاروباری کەســـی دیکـــەوە . ڕاســـتە دڵت پڕە بەڵام بیـــر لەداهاتوو بکەرەوە. کەســـێك هەیە تۆی خۆشـــدەوێ لـــەدوورەوە ئـــاگای لەتۆیـــە. لەڕێگـــەی مۆبایلەوەپەیوەنـــدی بکـــە بەهاورێکـــەت چونکـــە هەواڵی خۆشـــی لەلایە. هەموو کەســـێك بناسەبەڵام سادە بە لەمامەڵەوگفتوگۆکردندا.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ڕێگەیەکـــی بـــاش هەڵبژێـــرە بۆدەربڕینی هەســـت ونەستەکانت. ماوەیەکە هەست بەدڵتەنگی دەکەی پێویســـتیت بەهاورێیەکەبۆئـــەوەی یارمەتیت بدات و ڕزگارت بکالەوناخۆشییە. لەلایەنـــی خۆشەویســـتییەوە بەپێچەوانەی هەفتـــەی ڕابـــردوو بەرەو باشـــی دەڕۆیت. پێ بکەنە بـــە ڕووی ژیانەوە، پەیوەندییەکی خۆشت بۆدێت.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

سەرباری ئەو کێشە وناخۆشیانەی ماوەیەکە بێزاری کردوویت، دڵنیابە ئەنجامێکـــی بـــاش چاوەڕوانت دەکات، پێویســـتە لەسەر قسەکانت بەمتمانـــە بیت و چاوەڕێی هیوایەکی گەش بە، ئەم کەســـەی هەســـت دەکەیت لەدڵتدا جێگیربـــووە تەنیا پێویســـتی بە هەســـت پێکردنێکە لەلایەن تۆوە بۆ ئەو چارەسەرە.

iwan_gardi@hotmail.com



ئا/ سامی هیرانی



### ئاسۆیی

-١ جلێکی کوردەوارییە
-٢ گۆڤارێکی کۆمەڵایەتییە
-٣ هەڵە- پێچەوانەی ڕەق(پ)
-٤ ئاژەڵێکی چیاییە – دووپیت لەشار
-٥ شارۆچکەیەکە ١+
-٦ سێ پیت لە شازس – ڕووخا (پ) برنج بە عەرەبی
-٧ کچە ئەکتەرێکی هیندیە(پ)- داو (پ) تۆبە E
-٨ ئاژەڵێکە هیندییەکان بەخێوی دەکەن(پ)- دووپیت لەکەی– وشەیەکە بۆ منالّ بەکاردێ
-٩ ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیری کوردستان
-١٠ ناوی سەیارەیەکە(پ) – ڕوون(پ)
-١١ ژمارەیەکە لەپێش هەشت(پ)
-١٢ خواردنەوەیەکە(پ) – چاوی جوان دەکات – وەکویەکە
-١٣ پێچەوانەی کەم – تۆبە بە بادینی
-١٤ کیشوەرێکی وون بووە(پ) – ئاگادارییەکە لە شەترەنج
-١٥ شۆرشگێرێکی عەرەب بوو(پ)
-١٦ کوڕێکی لەشی مرۆڤ – دامەزرێنەری ڕۆژی هەینی(پ)

### ستوونی

-١ ڕووبار (پ) – پاشان(پ) – کەرستەیەکی نان خواردن
-٢ خەڵکی شام – بەرنامەیەکی کەناڵی نەورۆزە(پ)
-٣ شوێنێکی کۆك لە سەیارە(پ) – تەنەکە بە E (پ)
-٤ ئەز – لار بەتێکەڵاوی – سێ پیت لەبەرخ
-٥ شارێکە لە ئێران (پ) – خواردنی ئاژەڵ- کەرستەکی سەیارەیە- کحول بەتێکەڵاوی
-٦ سێ پیت لە کوردی – سێ پیت لە مەتر
-٧ بنوو- گونجاو – بێ دنگە (پ)
-٨ ژمارەیەکی کوردیە (پ٩ – ناوی سورەتێکی قورئانە- نا(پ)
-٩ چاکتر(پ) – چوار پیت لە ئاوردی – دەنگی تەقینەوە (پ)
-١٠ ئافرەت بەکاری دەهێنێ–ناوی یەکەمی یاریزانی هەولێر-ئێمە بە E
-١١ مێرد (پ)- ناوی یەکەمی گوڵچی ئەلمانیا- قەڵەو – کۆڵانە بەعەرەبی
-١٢ وەکویەکە- بەتێکەڵاوی
-١٣ ژنی برای(پ)
-١٤ بای بەیانی- ئەژنۆ بە E (پ) – سوپا(پ)
-١٥ ناوێکی کوریە + (پ) – وەکویەکە
-١٦ ئاژەڵێکە (پ) – ناوی تەواوی یاریزان (ڕۆبینۆ)(پ)

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بە سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی(٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (یەکێکە لە ئامرازەکانی پرسیار کردن، بۆ کەس بەکاردێت)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕاست)
- پیتی خانەکانی (٤+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بەتاڵ)
- پیتی خانەکانی (٤+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە لەسەری دەوەستێت)!

*ئامادەکردنی : شاتان مستەفا*

* وەلامی ژمارەی پێشوو وشەی (لابتـــۆپ) بوو